## سەدەی کارەسات

ئەم کتێبە، دەقی وتووێژی دووروودرێژی ڕێزدار برایم فەڕشی یە لەگەڵ کەسایەتی ناوداری سیاسی کوردستان – مامەغەنی بلووریان، کە بە شێوەی کتێب لە کۆتایی ساڵی 2008 دا لە سلێمانی و لە لایەن بنکەی ژینەوە بڵاو کراوەتەوە.

کتێبەکە، ڕوونکەرەوەی گەلێك ڕووداو و کارەساتی گرنگی کوردستان و ئێران، بە تایبەت موکریانە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە هەتا کۆتاییەکەی و هەر بەو بۆنەیەشەوە ناوی "سەدەی کارەسات"ی لێ نراوە.

سەرجەمی وتووێژەکە پێشتر لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان دا بڵاو کرایەوە و منیش لە بەشی 77ی ئەم زنجیرە وتارەدا ئاماژەیەکی کورتم پێکرد. ئیتر بە پێویستی نازانم جارێکی تر بچمەوە سۆراغی بابەتەکە، گەرچی دەشزانم وتارەکەی من گەلێك کورت و کەم ناوەڕۆک بوو، بەڵام واهەیە بۆ ناساندنێکی ساکاری بابەتەکە بەس بێت.

بابەتی پەیوەندیدار بە بۆکان لە کتێبەکەدا کەم نین، بە تایبەت ڕووداوەکانی ساڵی 1953 و ڕاپەڕینی خەڵکی بۆکان و جووتیارانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی. کەسانێك کە بیانەوێ ڕووداوی ئەو ساڵانە لە زمان مامە غەنییەوە ببیسن، دەبێ سەیری کتێبەکە خۆی بکەن کە ئەوە تایبەتمەندییەکانیەتی:

برایم فەڕشی، *"سەدەی کارەسات - گفتوگو لەگەڵ غەنی بلووریان"*، بنکەی ژین، سلێمانی، 2008، 297 لاپەڕە، کوردی.

